# بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا(٤)

نووسینی: تاهیر عەلیار

*[[ **ڕوونکردنەوە و داوا**: زنجیرەی نامە و دۆکومێنت، وەرگیراو لە کتێبەکانی مەحموود مەلا عیزەت، ڕەنگە لە لایەن ڕێزمان و شێوەی نووسین و بەکار هێنانی وشە، لە گەڵ زمانی کوردی سەردەمی ئێستا جیاواز بێ، هەروەها ڕەنگە سەرەڕای ڕوونکردنەوەکانی نووسەری کتێبەکە، پێویست بە زانیاریی و ڕوونکردنەوەی زۆرتر بێ. ئێمە ناتوانین دەست لە زمانی کتێبەکە وەربدین، بەڵام ئەگەر زانیاریی باوەڕپێکراو لە لایەن شارەزایانەوە سەبارەت بە بابەتەکانی ئەم زنجیرەیە بگاتە دەستمان، بە ناوی نووسەر و سەرچاوەکەیەوە، بڵاوی دەکەینەوە.]]*

*وێڕای سپاس بەرپرسانی پرۆژەی بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا*

## بۆکان لە کتێبەکانی مەحموود مەلا عیزەت(3-4)

### دەوڵەتی جەمهووریی کوردستان (نامەو دۆکومێنت)

نامەی جەعفەرکەریمی١

برایانی بەرز و خوشەویستم ئاغایانی حسێن ئاغا٢ و محەمەدئاغای٣ محەمەدی و حەسەن خانی بداقی٤ وقاسم ئاغا٥ و ئەحمەدئاغای ٦ عەباسی لەپاش سپاس و رۆژباش:

نامەیەکی ئاغای حەمەڕەشیدخان بۆ ستادی کولی هێزی کوردستان ناردبوو زۆری لەجەنابتان رەزامەندی نووسیوەکەبەر لەئێوەکەسی دیکەبۆ هەمکاری و کومەگی بەجێ حازرنەبووە. ئێستاش ئێمەعەینی گوزارشی ئاغای حەمەڕەشیدخانمان بۆ ئاگاداری پێشەوای موعەزەم و وەزیری بەرزی هێز ناردەتەورێز و زمنەن روونووسی ئەو کاغەزەش کەبەژمارە1-2-25-188بۆ تەورێز ناردراوەبۆ ئاگاداری پێشکە ش جەنابی حەمەرە شیدخان کرا ممکینەلەوەیەملاحەزەی بفەرمووی بەر لەوانەش چاوەنوارین کەزیاتر لەوەهەمکاری لەگەڵ جەنابی حەمەڕەشیدخان بفەرمووی و گوێ نەدەنەقسەی پووچ و بێ جێی ئەو کەسانەی کەبۆ ئیستفادەی شەخسی و وەدەست خستنی شەئن و مقام کار دەکەن چونکوو فکر و بیریان بەتەواوی بەغەڵەت چووە. بەهەرحاڵ ئێمەلەکاغەزی خوسووسی دا هەمکاری و کاری چاکی ئێوەم بەوەزیری هێز عەرز کردووە، ئەوەش بزانن کەلەکات و رۆژی خویدا بەر لەقەدردانی کاری زۆر گەورەبەجەنابتان دەسپێردرێ . چاوەڕوانی لەخۆبووردوویی ئێوەبۆ فیداکاری لەرێگای میللەت دا زیاتر دەکەین.

سەرۆکی تەواوی ستادی هێزی کوردستان: جەعفەر کەریمی

روونووسی سەرەوە بۆ ئاگاداری فەرماندەی بەرزی هێزی بۆکان و مەنتەقەی بۆکان جەنابی حەمەڕەشیدخان ناردرا و هیوامان وایەکەزیاتر لەوەئەو ئاغایانەو ئەمسالی وان بۆ فیداکاری تەشویق بفەرموون .

سەرۆکی تەواوی ستادی هێزی کوردستان :جەعفەر کەریمی

---

روونکردنەوەلەلایەن مەحموود مەلاعێزەتەوە

١- .ناوبراوپلەی سەربازیی مایورى پێدرا. بەسەرۆکی تەواوی ستادی هێزی کوردستان دانرا. لەدواییدا لە1325-2-21 بەمعاونی حەربی وەزارەتی هێزی کوردستان دانراوە.

٣/٢- مەبەست حاجی وسێناغای قاجر و حاجی حەمەداغای داربەسەرە . پێکەوەبران و لەتێکۆشەرانی کۆماری کوردستان بوون . حاجی وسێناغا قاجری فرۆشت و ئاوایی حاجی خۆشی لەشارۆێرانی مهاباد کڕی و ماڵی چووەئەوێ . هەردووکیان لەپیاوەناسراوەکانی عێلی دێبوکرین . حاجی وسێناغا باپیری پیرۆت و رەسووڵی محەمەدی بوو کە راپەڕینەکەی سەربەدارانیان لەئامول فەرماندەیی کرد . رەسووڵ و پیرۆت دوانەبوون و بەزەحمەت لێکت جودا دەکردنەوە. هەردووکیان موهەندسی زەمین شناسی بوون و دەورەی ئەفسەر وەزیفەیان لەپادگانی شیرازگوزەراندبوو. هەردووکیان لەئامول شەهیدبوون . سەریان بەرز و یادیان پیرۆز و مەزاریان پڕ لەگوڵ بێ. حاجی وسێناغای محەمەدی بۆخۆشی بەئازایەتی مەشهوور بووە .

٤- مەنزوور حەسەن خانی قارەوایە. کەسایەتیەکی لێهاتوو ، کوردپەروەر و مەردومدار بوە. لەتێکۆشەرانی کۆماری کوردستان بوە.کوڕی عزامولمولک، نەوەی بوداق سولتان لەمیرانی بەناوبانگی موکوریان بووەو ناسناوەکەی لەو وەرگرتوە. بابی محەمەدخان و ئەحمەدخانی بوداقی و باپیری شەهید تایری بوداقیە. تایر بوداقی ئەندامی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. لەئاوایی قوزلوێی ناوچەی مهابادلەشەڕ دەگەڵ پاسداردا شەهید بوو. یادی بەخێر بێ .

٦/٥- مەبەست قاسماغای جامەرد و ئەحمەداغای ئە شکەوتانە. لەتێکۆشەرانی کۆماری کوردستان بوون . پێکەوەبرا یا ئامۆزان . لەتایەفەی عەباسی و لەپیاوەناسراوەکانی عێلی دێبوکرین .

نامەی پێشەوا قازی محەمەد

جەنابی ئاغای محەمەدڕەشیدخان

لەو دفاعەی کردووتەتبریک دەکەم . هەرنەوعەئحتیاجیکو هەیەفەوری بۆم بنووسن کەخەریک بم رەفعی بکەم .چونکو نومایندانی مەلەتارانێ خەریکی گوفتوگویەن بەهیج وەجەنابێ بچنەسەر دوژمنی .

لەوجێ هەن راوەستن وەخۆتان محکە م کەن.

محەمەد قازی12-2-25

نامەی مرادی١

هێزی دێموکراتی کوردستان(لکی بۆکان)

فەرماندەی پەلی 3 هێز ناوەندی کوردستان

گەزارش بەعەرزت دەگات . دوێنێ رۆژی 25-2-11 یەک سەعاتو نیوی رۆژ جەنابی مەلا مستەفا دەگەڵ دووماشێن عدەی خۆی واریدی بۆکان بووەئیزهاری فەرموەئەگەر لەپۆستەکانی سەر رێگایەجێگای نیگەرانی هەیەئەوەقەراوڵانی سەر رێگایەزۆر بەئیحتیات بن . لەو وەختی دا لەپۆستانی سەر رێگایەخەبەریان هێنا کەتایەفەی ئێلخانی زادەکان مەشغولن لەهەمووڵایەکەوەحەملەی بەرن. جەنابی مەلا مستەفا فەورەن بەپیاوی خۆیدا کاغەزی بۆ نووسین و دڵنەوازی و خاترجەمعی کردن بەوەی کەدەوڵەتی بەرزی کوردستان بەروحمەو قەولو پێ دەدەم کەعەفووتان بکا و بەئارامی دانیشن . جوابەکەیان کەتبەن لەوێرا بۆ هێناوە، فەقەت شفاهەن بەمن فەرمووی کەئەوان ئیزهاریان کردوەکەئێمەتایەفەی ئێلخانیزادەبەخۆمان و بەتەوابعمان بێ عەلاقەین و لەماڵی خۆمان دانیشتووین . ئەوشەوەجەنابی مەلامستەفا بۆخۆی بەعیدەی هەردوو ماشێن لەبۆکانێ مانەوە، زۆریشمان ئیحترام گرتن و بەخەرجی هێزێ موخاریجمان کێشان کەکەماڵی رەزایەتی وان و ئەلساعەکەیەک لەسێ لەرۆژێ چووەلەخزمەت جەنابی مەلامستەفادابووم لەپۆستەکان خەبەریان هێنا کەحەوت دەستەسوارانی ئێلخانی زادەکان لەتەرەف مەغربی بۆکان هاتن و چوون بۆ (کۆسە) و لەنێو بەردان دا خۆیان حەشاردەوە. نەتیجەی بەعدەن عەرز دەکرێت .

فەرماندەی هێزی بۆکان   مرادی

روونووسی شەرحی سەرەوەمەحزی ئاگاداری بەمقامی بەرزی فەرماندەی هێزی بۆکان و سەرا تەقدیم دەکری .

---

روونکردنەوەلەلایەن مەحموود مەلا عێزەتەوە:

١- ناوبراو عەزیزی مرادی یە. خەڵکی شاری مهاباد بووە. پێش کۆمار، لەدوخانیات فەرمانبەر بووە. دوای رووخانی کۆمار بەند کراوەو لەدوایی دا خراوەتەوەسەر کارەکۆنەکەی . وەک لەرۆژنامەی کوردستان و نامەکانیدا دەردەکەوێ رۆڵێکی هەستیاری سەربازیی بووە .

نامەی حەمەرەشیدخان بۆ پێشەوا قازی محەمەد

بەبەلاغی ژمارە1،2،3، کەبەستەبووەبەرەسمیاتی ژمارە107 -10-2-25 ......تەفسیلاتی حەرەکات و ئەساسی نشئەتی ....تەقدیم بەسەرۆکی تەواوی ستادی هێزی بەرزی کوردستان کراوەئەلبەتەئەو نووسراوانەبەنەزەری پێشەوای مەحبووب هەتا ئێستا شەرەفمەند بوون . بەڵام بەپێویستم زانی کەموختەسەری ئەم واقیعەمەدهوشەش بەعەرزی بارەگای بەرزی پێشەوای خۆشەویست بگەیەنم .

لەرۆژی 25-2-9  سەعات 11و10 دەقیقەی موسکۆ دوژمن بەهێزێکی فەوقی 700 نەفەر بەتەجهیزاتی جەنگی وەکوو تۆپ و موسەلسەل و نارنجۆک لەناکاو هوجومی کردەسەر پۆستەکانی ئێمەو خەتی محایدی شکاند و دوو تەیارەی

جەنگیی بەسەر ئێمەدا بۆ تەهدیدخستەحەواوەبەم نییەتەکەئەم قووەتەیان هێزی ئێمەلەئیستحکامات دەر پەڕێنێ و بەعەینی ڕۆژا، القا بەعەشیرەتی دیبۆکری بکا لەبۆکان . بەڵام لەبەر ئەوەی کەهێزی ئێمەبەرووحیەو مەعنەویاتی بەرزی پێشەوا پەرستی ئەژی بەمودەی 7 سەعات دوژمنیان لەهەموو لایەکەوەشکاند . ئەو ئیستحکاماتانەی کەبۆ مەحو بوونەوەی ئێمەکردبوویان لێمان گرتن و لە100 نەفەر بەزیاتر کوشتارمان لەدوژمن کرد و 39 نەفەرمان بەتەجهیزاتێکی موناسبەوەلێ دەزوەست کردن. بۆ ئەوەی کەجارێکی تر دوژمن نەتوانێ ئەم ئیرادەی تەجاوز بکاتەوەو ئەیەزەن هێزی ئێمەحاکم بێ بەسەر خەتی مواسلات و هاتوچۆ و ئیتسالی دوژمنان . کێوانی ئاڵتوون و مەڵقەرەنی و مەرخوز و سەیداوامان خستوتەژێر سەیتەرەتی خۆمانەوە. حاڵی حازر هێزی ئێمەلەو دوو جیهەتەوە تەقریبەن محاسەرەی مواسلاتی دوژمنی لەسەقزاکردووە. تاحاڵ ئەوجێگایانەی کەبەقوەتی سیلاح لەدوژمن وەرگیراوەرەدمان نەکردۆتەوە .

ئەسڵی پەیدابوونی ئەو حەرەکاتەبەپێی ئەخباراتی کەلەئەشخاسی موعتەمەدی دیبۆکری و عەجەم ......و لەوەختی خۆیا تەقریبەن بەچوار ڕۆژ پێش حادسەئاغایانی ئێلخانی زادە پێوەندیان بەهێزی عەجەماکردووەلەسەقز کەئێمەتەواوی لەشکری دێبۆکریمان کۆ کردۆتەوەئیختلال بکەین ئێوەش موباشەڕەت بەحەرەکاتی عەسکەری بکەن بۆ ئیختلالی هێزی بارزانی و بانەیی ، ئەوەخت بەهەردوولامان ئەچین بۆ سابڵاغ ، کە واریدی سابڵاغ ئەبین تووی دێموکرات و پێشەواپەرەستی لەناوا هەڵئەگرین. جا لەعەینی وەختا کەئاغایانی دێبۆکری خەریکی لە شکر و ئیتفاق بوون لەگەڵ عەشایر مەنگوڕ و گەورک قووەتی ئێمەی بەخەفیف زانی بەقسەو وەعدەی ئاغایانی ناوبراو. کەوتەغوروریەتەوەئەو تەقەدوم و حەملەسەریعانەی کرد کەلەسەرەوەبەعەرزم گەیاندن.

هەر وەکوو بەعەرز بارەگای بەرزتانم گەیاند هێزی ئێمەلەدوو جیهەت قەتعی خەتی مواسلاتیی دوژمنی کردووەو سەقزی خستۆتەشکڵێکی خەتەرەوەبەڵام دوژمنیش بۆ ئەوەی ئەو ئیستحکاماتەمان لێ وەرگرێتەوەهەروەها خەریکی تەرتیبات و تەنزیماتی عەسکەری و پرووپاغەندەی عەشائری ئەو ناوەیە. جا بۆ ئەوەی کەدوژمن مەیدانی ئەوەی نەبێت ئیتسال لەگەڵ هێزی بانەو سەردەشت و سەقز و ئاغایانی ئەترافیا بکات و نەتوانێ کەزەفەر بەهەدەفی ئەساسیی پێشەوا و خەتەی بەرزی کوردستان بەرێ زۆر بەزەرووری ئەزانم کەئیرادەبفەرمووی بەتەرتیباتی حەرەکات و دوژمن لەناو هەڵگری . ئیتر دوایی ئەو مەعرووزاتەم بەتەمەنای بەرزی پێشەوا ومەحفووزیی بارەگای بەرزی کوردستان خاتیمەئەهێنم.

ئیتر بژی پێشەوای بەرزی کوردستان     بژی ئاڵای ئازادیی کوردی دەردەدار.

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا .

---

نامەی حەمەرەشیدخان بۆ پێشەوا قازی محەمەد

مەوزوع تەقدیری کردەوەی ئازایەتی عێلی بارزانی و ئەفسەر و سەرکردەکانیان

بەکەماڵی رووسووری و سەربەستی و سەربەرزی کردەوەی خارقەی عێلی بارزانی وئەفسەر و سەرکردەکانیانت بەعەرز دەگەیەنم. هەرچەند بەنووسینی ژمارە126 ڕۆژی 11-2-25 موختەسەری ئەم مەعرووزاتەم تەقدیم بەستادی کول کردووە. بەڵام بۆ ئەوەی کەپێشەوای بەرزیش لەرشادەتی ئەم برایەبەقیمەتانەم ئاگادار بکەم ئەوەنموونەیەکی قابیلەتیان لەخوارەوەعەرز دەکرێ .

لەرۆژی 9-2-25 سەعاتی 11و10 دەقیقەی پێش نیوەرۆی موسکو دوژمن بۆ جەهەتی سەرچاوەو بۆجەهەتی سەرا لەناکاو هەجومی کردەسەر ئیستحکاماتی مەڵ قەرەنی و بێژینگ بەسەر کەلەژێر نەزارەتی ئاغای بەکراغای حەوێزی دابوو و لەجەهەتی سەرا هەجومی کردەسەر ئیستحکاماتی کەل سەرا کەلەژێر نەزارەت ومەسئولیەتی ئاغای میرحاج دابوو و جەهەتی تریشیان رووی کردبووەئەو شانەی کەجەناحی ڕابیتەی کێوی باڵوقایەی پێ ئەڵێن و لەژێر نەزارەتی ئاغای مستەفا خوشناودا واقیع بوو. لەو وەختەی کەدوژمن لەهەموو لایەکەوەخەریکی تەقەدوم و ئاگرباران بوو، پێشمەرگانی هێزی بارزانی یەک بەیەک نهایەت حەماسەت و نەشئەژان گوێیان لەئەوامری فەرماندەو قیادەی خۆیان ڕائەگرت بەوێنەی نیزامی مودەرب دەوڵەتی و حەرفیەن تەتبیقی ئەو پرۆگرامەیان ئەکرد کەلەتەرەف قیادەو سەرکردەو ئەفسەران

پێ یان ئەبێژرا. بەئەندازەیەک لەئیقدام و فنوونی جەنگ و نشان گرتن و هەڵمەت بردن شارەزا بوون کەقەڵەم لەتەعریفی عاجزە .

سەرکردەی دەستەی بارزانی ئاغای میرحاج و ئاغای بەکراغای حەوێزی و مستەفا خۆشناو وەهاب ئاغا ناوان فەوقولعادەسەربەرزیان کردم. حەقیقەتەن خزمەتی ئەو چوار زابیتەگەنجانەبەهەموو مەعنایەکەوەتەقدیر ئەکرێ. ئەوەڵ شەرتێکی ئەساسیەت کەئەم زاتەخاوەن حسیات و ئادابی عەسکەری زانانەبخرێنەبەر نەزەری بارەگای بەرزی جەمهووریەتی کوردستان و هەمیشەبەرامبەر بەقابلیەت و شجاعەتی خۆیان دلداری و تەلتیف بکرێن. جا بەو موناسەبەتەوەتکایەعەلاوەی ئەمەی کەئاساری خزمەتیان بخرێتەناو دەفتەری خزمەتیانەوە، بەپێویستی ئەزانم کەرەسمەن تەقدیری عەمەلیات و مکافاتی ...تەبلیغ بفەرمورێت .

معاونی زابتانی ناوبراو ئاغای محەمەدەمین میرخان ، مامەند مەسیح، ساکۆ و خۆشەوی خەلیل فەوقولعادەنشانەی قارەمانیەت و مەسلەکی نیشتمان پەروەری یان بەخەرج دا. حەقیقەتەن بۆ لەشکرێکی تازەتەمەن کاری قورس و بێ وێنەکەهەمیشەبەم زاتانەئیقدامات و تەزمیناتی پێ بدرێ . جا تکایەئەم زاتانەمقابل بەعەمەلیات و حەماسەتی مەردانەگی خۆیان بەدەرەجاتی لائقەمەسروور و تەشجیع بفەرموون . ئیتر ئیجابی موتەوەققی ئیرادەی بارەگای بەرزی پێشەوامانە .

نەزەرییەی زەعیم موحتەرەم جەنابی مەلامستەفاش هەر لەسەر ئەم تەقریر و تەفسیلات هەر ئەویەکەعەرزتان کراوە .

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا .

درێژەی هەیە...